Komala Party – Iranian Kurdistan
Switzerland Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سویس

# گوزارشی ڕێ و ڕەسمی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە لە وڵاتی سویس

ڕۆژی ٢٣ی مانگی فێبریبەی ٢٠٠٨ی زایینی لە هۆڵی (گێماینشاف زێنترووم Gemeinschafzentrum) لە شاری زوریخ لە وڵاتی سویس بۆ ڕێز گرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، ڕێ و ڕەسمێکی شکۆدار بەڕێوە چوو کە تێیدا زیاتر لە چەندسەد کەس لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، نوێنەرانی چەندین ڕەوت و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستان، نوێنەرانی چەند حیزب و لایەنی سیاسیی ئێران و هەروەها کادر و ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵە لە ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە وڵاتی سویس بەشدارییان کرد و پەیام و بروسکەی پیرۆزبایی خۆیان خوێندەوە.

سەعات ۶ی پاش نیوەڕۆ، پاش ئەوەیکە هاوڕێ فەرامەرز سەجیم، بەڕێوەبەری مەڕاسمەکە، بەخێر هاتنی بەشداربووانی کرد، ڕێ و ڕەسمەکە بە سروودی بانگەواز، سروودی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد. دواتر بۆ ڕێز گرتن لە یادی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگیرا. بێدەنگییەکە بە پارچە شێعرێک شکا و بە شوێن ئەودا هاوڕێ جەعفەر ئیلخانیزادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و بەرپرسی کومیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، پەیامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، پێشکەش بە بەشداربووان کرد. هاوڕێ جەعفەر لە پەیامەکەیدا تیشکی خستە سەر هەلومەرجی سیاسیی ئێران و کوردستان و دۆخی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها باسی لە دۆخی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و هەلومەرجی نالەباری کرێکاران و چینی بندەستی کۆمەڵگا کرد و ئامانجەکانی کۆمەڵەی بۆ داهاتوو بۆ بەشداربووان شی کردەوە. بە شوێن قسەکانی هاوڕێ جەعفەر ئیلخانیزادە، پارچە شێعری کاروانی شۆڕش دەئاژۆێ، پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێ و ڕەسمەکە کرا و دواتر پەیامی پیرۆزبایی چەندین ڕەوت و ڕێکخراوی سیاسی و سێنفی بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە خوێندرایەوە. بەشی یەکەمی مەڕاسمەکە بە خوێندنەوەی شێعری ئێرە دەنگی کۆمەڵەیە، لە لایەن بەڕێوەبەری مەڕاسمەکەوە، کۆتایی پێهات. لە بەشی دووهەمی ڕێ و ڕەسمی ٢٦ی ڕێبەنداندا، هونەرمەندانی گۆرانیبێژ و دەنگ خۆشی کوردستان، خاتوو ژاڵە، کاک زیاد ڕواندزی و کاک نەبەز بابان بە یارمەتی گرووپی مۆسیقای ڕەوەز، کەش و هەوایەکی تایبەتیان بە هۆڵی مەڕاسمەکەدا و شایی و خۆشی و هەڵپەڕکێ هەتا سەعات 12ی شەو درێژەی کێشا و لە ناو سەر و دڵخۆشی بەشدار بووان و کادر و ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەدا کۆتایی پێهات.

ڕێ و ڕەسمی ٢٦ی ڕێبەندانی لە وڵاتی سویس زۆر شکۆدار بەڕێوە چوو و لە لایەن بەشداربووانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا و نەزم و ڕێک و پێکی مەڕاسمەکە سەرنجی بەشدار بووانی ڕاکێشا و بۆ ئێمەش بوو بە مایەی شادی و خۆشحاڵی.

ئـــەو ڕەوت و ڕێکخراوانـــەی ئەمســـاڵ لـــە مەڕاســـمی ٢٦ی ڕێبەنـــدان، ڕۆژی کۆمەڵـــە لـــە وڵاتـــی سویس بەشدارییان کرد، بریتین لە:

١. یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٢. پارتی دیموکراتی کوردستان
٣. حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان
٤. پارتی سوسیالیستی کوردستان PSK
٥. حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران
٦. حیزبی شیوعی کوردستانی
٧. پارتی یەکێتی کورد لە سورییە
٨. پارتی سەربەستی کوردستان
٩. یەکێتی فیداییانی خەڵکی ئێران
١٠. ڕێکخراوی فیداییانی خەڵکی ئێران / ئەکسەرییەت
١١. یەکێتی دێمۆکڕاتیکی ئێرانیە پێشکەوتنخوازەکان
١٢. ڕێکخراوی چاک دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد
١٣. بەرەوەی دیموکراتیکی گەلی عەرەب / ئەحواز
١٤. ناوەندی دێمۆکڕاتیکی پەنابەرانی ئێرانی لە سویس
١٥. کۆمەڵێک لە کرێکارانی خەباتکار و پێشڕەوی ئێرانی لە تاراوگە

**سەرکەوێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کومیتەی سویس**

**٢٤ / ٢ / ٢٠٠٨**





















---


**Web:** www.komala.org

**Web:** http://komala1348swiss.blogspot.com/

**E-Mail:** komala.suisse@yahoo.de

**Tel:** 0041 76 50 16 106